# جیاوازی

## نیوان ئامۆژگاری وسەرزەنشتکردن

## ( الفرق بين النصيحة والتعيير )

نوسینی پێشەوا
ئیبن رجب الحنبلی

لێکدانەوەی چەند ڕستەیەکی لە لایەن زانای ناودار
ربيع بن هادي المدخلي

وەکێڕانی
عثمان أحمد

ذوالقعدة ١٤٤٠

چاپی یەکەم

# جیاوازی

## نێوان ئامۆژگاری و سەرزەنشتکردن

**﴿الفرق بين النصيحة والتعيير﴾**

**نوسینی پێشەوا**

ئیبن رجب الحنبلی

لێکدانەوەی چەند ڕستەیەکی لە لایەن زانای ناودار

ربيع بن هادی المدخلی

وەرگێڕانی

عثمان أحمد

ذو القعدة ـ ١٤٤٠

چاپی یەکەم

قال الإمام الشافعي رحمهُ الله

كُلُّ العُلومِ سِوَى القُرآنِ مَشغَلَة     إلاَّ الحَدِيثَ وإلاَّ الفِقْهَ في الـــدِّينِ
العِلمُ ما كانَ فيهِ قال حَدَّثنا     وما سِوَى ذَاكَ وَسواسُ الشَّياطينِ

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْد لِلَّهِ ، نَحْمَدهُ وَنَسْتَعِينهُ وَنَسْتَغْفِرهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلَا مُضِلّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِي لَهُ وَأَشْهَد أَنْ لَا إِلَه إِلَّا اللَّه وَحْده لَا شَرِيك لَهُ ، وَأَشْهَد أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْده وَرَسُوله .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾[آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾[النساء].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾[الأحزاب].

أَمَّا بَعْد :

فإنّ أصْدَقَ الحديثِ كتابُ اللّهِ ، وخَيرَ الهَدي هَدْيُ محمَّدٍ ﷺ وشرَّ الأمُورِ مُحْدَثاتُها ، وكلَّ مُحْدَثةٍ بدعةٌ ، وكلَّ بدعةٍ ضَلالَةٌ ، وكلَّ ضلالَةٍ فِي النَّارِ .

# پێشەکی وەرگێڕ

باسکردنی موسڵمان بە شتێك کە پێی ناخۆشە لە بنەڕەتدا حەرامە وغەیبەتە وتاوانێکی گەورەیە ، خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجْتَنِبُواْ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ ۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾ (الحجرات) ، واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دووربکەونەوە لە زۆرێك لە گومان ، چونکە بە ڕاستی هەندێك لە گومانەکان تاوانە ، وسیخوڕی مەکەن بەسەریەکترەوە ، وهەندێکتان هەندێکی تر لە برا موسڵمانەکانی غەیبەت نەکات ، ئایا کەس هەیە لە ئێوە حەزبکات گۆشتی براکەی بە مردووی بخوات ، کە ئەوەتان پێناخۆشە کەواتە بە زیندوویش غەیبەتی مەکەن وگۆشتی مەخۆن ، لە خودا بترسن ، بەڕاستی خودای

پەروەردگار تەوبە وپەشیمانی بەندەکانی قەبوڵ دەکات وبە ڕەحم وبەزەییە .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێناسەی غەیبەتی بۆ کردووین ودەفەرموێت : ((أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ ؟ قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ ، قَالَ : (ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ) ، قِيلَ : أَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ ؟ قَالَ : إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدْ اغْتَبْتَهُ ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدْ بَهَتَّهُ))(١) ، واتە : دەزانن غەیبەت چییە ؟ وتیان : خودا وپێغەمبەرەکەی زاناترن ، فەرمووی : باسکردنی براکەتە بەوەی پێی ناخۆشە ، وترا : ئەگەر لە براکەمدا ئەوە هەبوو کە پێی دەڵێم ؟ فەرمووی : ئەگەر ئەوەی تێدابێت کەپێی دەڵێیت ئەوە غەیبەتیت کردووە ، وە ئەگەر ئەوەی تێدا نەبێت کە تۆ پێی دەڵێیت ئەوە بوهتانت بۆکردووە.

وە دیسان پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم لە وتاری ڕۆژی جەژنی قوربان لە منى لە حەجیماڵئاواییدا فەرمووی :

---

(١) . أخرجه مسلم .

((إنَّ دِماءَكُم ، وأمْوالَكم ، وأعْراضَكُم حرامٌ عَلَيْكُم كَحُرْمَة يومِكُم هَذَا ، فِي شهرِكُمْ هَذَا ، فِي بلَدِكُم هَذَا))[1] ، واتە : بە دڵنیاییەوە خوێنتان وسامانتان وناموس وکەرامەتتان حەرامە لەسەر یەکتری وەك حەرامێتی ئەم ڕۆژ ومانگ وشوێنەی کە تێیدان ، وە ئەو کەسانەی کە باسی نەنگییەکانی موسڵمان دەکەن وگاڵتەیان پێدەکەن دەبێت بترسن لەوەی کە ئەم فەرموودەیە بیانگرێتەوە کە پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : ((يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ ، وَلَمْ يَدْخُلِ الْإِيمَانُ قَلْبَهُ ، لَا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ ، وَلَا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ ، فَإِنَّهُ مَنِ اتَّبَعَ عَوْرَاتِهِمْ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ ، وَمَنْ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ فِي بَيْتِهِ))[2] ، واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بە زمانتان هێناوە وبەدڵتان باوەڕتان نەهێناوە ، عەزیەت وئازاری موسڵمانان مەدەن وشوێن کەموکورتیەکانیان مەکەون ، چونکە

---

(١) . متفق عليه .

(٢) . رواه أحمد وأبو داود وابن حبّان ، وصححه الألباني.

هەرکەس شوێن عەیب ونەنگییەکانیان بکەوێت ، خودا شوێن عەیب ونەنگییەکانیان دەکەوێت ، وە هەرکەس خودا شوێن عەیب ونەنگییەکانی بکەوێت ڕیسوای دەکات ئەگەر لە نێو قوڵی ماڵەکەیشیدابێت ، وە فەرموودەیەکی زۆر لەو بارەیەوە هاتووە .

خەڵك بەشێوەیەکی گشتی لە بابەتی ئامۆژگاریکردن وسەرزەنشت وناوزڕاندن وباسکردنی نەنگیی وعەیبەکانی خەڵك دەبن بەسێ بەشەوە : بەشێکی پەڕگیر وتوندە وبەشێکی شلڕەوە بەشی سێیەم مام ناوەندەکانە .

ئەوانەی کە پەڕگیر وتوندن بە هەموو شێوەیەك باسکردنی موسڵمانان بە حەڵاڵ دەزانن وبەڕەوا وبە ناڕەوا باسی موسڵمان دەکەن وزمانیان ناپارێزن وهەموو باسکردنێك بە ئامۆژگاریکردن بۆ موسڵمانان لێکدەدەنەوە .

وە ئەوانەی کە شلڕەو ولاڕێن ناوهێنانی موسڵمانان بە هەموو شێوەیە بە حەق وبەناحەق بە تاوان وغەیبەت دەزانن ، ئەم جۆرە ڕەوتەش ئەو قسەیان بۆ پەردەپۆشکردنی هەڵە

وتاوانی کۆمەڵە کەسانێکە کە دەیانەوێت بۆ خەڵك ئاشکرا نەبن ، کە بەڕاستی خراپی ئەم بۆچوون وقسەیە گەر لەوەی یەکەم خراپترنەبێت هاوتایەتی لە خراپی وزیانی بۆ ئیسلام وموسڵمانان ، وپێچەوانەی چەندان دەقی ڕاشکاوی قورئان وسوننەت ووتەو وهەڵسوکەوتی پێشەوایانی سەلەفە .

کۆمەڵی سێیەم کە مامناوەندن لەو پرسە وناوهێنانی موسڵمان بەڕەوا نابینن بۆ بەرژەوەندییەکی شەرعی نەبێت ئەوەش بەڵگەی زۆری لەسەرە ، وە بەشێوەیەکی گشتی زانایان ئەوەی کە دروستە باسی بکرێت وناوی بهێنرێت لەم دوو دێڕە شیعردا کۆیان کردووەتەوە :

الذم لیــــس بغیبة في ســـتة ... متظـــلم ومُعرِّف ومحـــــذر

ولمظهر فسقا ومستفت ومَنْ ... طلب الإعانة في إزالة منكر

واتە : زەمکردن وباسکردنی موسڵمان غەیبەت نییە بۆ شەش جۆر کەس :

کەسێك ستەمی لێکرابێت باسی ستەمکارەکە بکات لای ئەو کەسەی کە دەسەڵاتی هەیە ودەتوانێ ئەو ستەمەی لەسەر لا ببات .

وە بۆ ناساندنی ئەو کەسەی کە باس دەکرێت وەك ئەوەی بە وەسفێك یان نازناوێکی خراپەوە بناسرێتەوە کە ئەوە باس نەکرێت نەناسرێتەوە وەك : فلانە شەل .

وە کەسێك کە موسڵمانان لە شەڕ وخراپە وبیدعە ولاڕێی ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی نەکەونە داوییەوە وپێی هەڵنەخەڵەتێن .

وە ئەو کەسەی کە تاوان بە ئاشکرا ئەنجام دەدات وبە پێش چاوی خەڵکەوە سنورەکانی خودا دەبەزێنێت .

وە ئەگەر کەسێك بچێت بۆ لای موفتییەك وباسی کەسێکی لا بکات کە ستەمی لێکردووە یان مافی لایەتی یان هەرشتێکی لەو بابەتە .

وداوای یارمەتیکردن لە کەسێك کە توانا ودەسەڵاتی هەبێت بۆ ڕێگریکردن لە کارێکی ناڕەوا کە کەسێك ئەنجامی دەدات .

وه الأقفهسی رحمه الله له کتێبی (آداب الأكل)دا دەڵێت غەیبەتکردن له حەڤدە شوێندا دروستە کە لەم چەند دێڕەدا کۆمکردوونەتەوە :

وَما عَليكَ إِذا ما اِغتَبت مُبتَدئاً ... لِقَولِ رُشدٍ وَنُصحِ الُمستَشيرِ وَلا

أن تَذكُر العالِمَ الُمخطِي لِتابِعِهِ ... أَو تَستَعينَ عَلى ذي زلَةٍ عَدلا

أَو تَذكُر اسماً قَبيحاً عِندَ سامِعِهِ ... كي يَستَبينَ بِهِ مَقصود ما جَهِلا

كَأَسْوَدٍ قالَ ذا أَو أَعورٍ مَثلا ... أو أعمَشٍ مُخَبراً أو أعرَجَ نَقلا

وَعِصمَةُ العرضِ في جُرحِ الفَتى سَقَطَت ... كَذلِكَ القَدحُ في الفَتوى قَد اِحتمَلا

كَذاكَ في ذكر مَن يَشكو ظَلامَتهُ ... إِلى القضاة أو الوَالي إِذا عَدَلا

ومظهر الفسق للإعجاب منتبذًا ... من عرضه ما جرى في لفظه سهلا

وحجّة الدين في إحيــــائه... هناك من عالمٍ فاحذر وطب عملا

وَمظهَرُ البِدعَةِ اِذكُرها لِمُنكَرِها ... وَمُخبِئُ البِدعَةِ اِذكُرهُ لِمَن جَهِلا

مَساوئ الخَصمِ إن تذكر لِحاكِمِهِ ... حِينَ السؤالِ أو الدَعوى فَلا تَهِلا

وَغيبَةُ الكافِرِ الحَربي قَد سَهَلَت ... وَعَكسُها غِيبَةَ الذمَي قَد نقِلا

وَتارِكُ الدينِ لا فَرضَ الصَلاةِ فَلا ... أَخشى عليك إِذا ما اغتَبتهُ خَلَلا

لەبەر زیاتر درێژ نەبوونەوەی پێشەکییەکەم ئەو دێڕە شیعرانە وەرناگێڕم ، بەڵام هەموویان دەچنە ژێر ئەو شەش جۆرەکەسەی کە لە دوودێڕەکەی سەرەوەدا هاتووە یان هاوشێوەی ئەوانەیە .

ئەم کتێبەی بەردەستان وەك خاوەنەکەی پێشەوا (ئیبن رجب)ی حەنبەلی رحمە اللە لەوەسفیدا دەڵێت : کۆمەڵە وشەیەکی کورتی کۆکەرەوەیە لە دوو باسی گرنگ کە پێویستیەکی زۆری ئەمڕۆی دونیای موسڵمانانە بە ئەرێنی وبە نەرێنی ، گومانی تێدا نییە کە پێغەمبەری خودا صلی اللە علیە وسلم ئاینی کورتهەڵهێناوە لە ئامۆژگاریکردندا لەبەر گرنگی وپێداویستی موسڵمان بە ئامۆژگاری ، وە وەك لەسەرەتا باسمانکرد زەمکردن وتانەلێدان وسەرزەنشتکردن وناوزڕاند ونەنگیدانە پاڵ وبوهتان بۆکردن لە تاوانە گەورەکانن بە دەقە ڕاشکاوەکانی قورئان وسوننەت .

لەبەر ئەوە بەندە هەستام بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بە نرخە ووەرگێڕانی لێکدانەوەی چەند ڕستەیەك لە کتێبەکە لە لایەن

زانای ناودار ربیع کوڕی هادی المدخلی خودا بیپارێزێت ، ئەوەی شێخ ربیع قسەی لەسەر کردووە لە نێوان دوو کەوانەی سور دیاریمکردووە ولێکدانەوەکەی شێخم لە پەراوێزدا داناوە ، بە هیوام خودای پەروەردگار بیکاتە تێشوویەك بۆ قیامەتم ومایەی سود گەیاندن بە هەر موسڵمانێك کە بەردیدی دەکەوێت ودەیخوێنێتەوە ، وە داوای لێخۆشبوون لە خودای پەروەردگار دەکەم لەهەر هەڵە وکەموکورتیەك .

والحمدلله الذي بنعمته تتم الصالحات ، وصل اللهم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

کوردستان . گەرمیان . کەلار

٣ذوالقعدة١٤٤٠هـ

٦تەموز٢٠١٩

## بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

## (جیاوازی نێوان ئامۆژگاری وسەرزەنشتکردن)(١)

**(سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکان ، وە درود وسلاّوی خودا لەسەر پێشەوای پارێزکاران ولە خودا ترسان ، وکۆتا نێردراوەکانی خودا وئەهل وهاوەلاّنی بەگشتی ، وە لەسەر ئەوانەی بە باشە شوێنیان کەوتوون هەتا ڕۆژی قیامەت .**

---

(١).شێخ ربیع کوڕی هادی المدخلی خودا بیپارێزێت دەڵێت : ئەم کتێبە "جیاوازی نێوان ئامۆژگاری وسەرزەنشتکردن" ، ئەگەر ڕەخنەت لە کەسێك گرت پێویستە لە حەق لانەدەیت وڕاستگۆ ودڵسۆزبیت ، وە مەبەستت ڕوونکردنەوەی حەق وئاگادارکرنەوەبێت لە هەڵە کە پێچەوانەی ئەم حەقەیە .
ئەگەر ئەمە مەبەستت بوو ئەوە مەبەسێکی باشە وە کارێکی گەورەیە وسوپاس دەکرێت لەسەری لەلایەن هەموو ئومەتەوە ودروست نییە بۆ کەس تۆمەتبارت بکات بە ویستی خراپە ، وە ئەگەر کۆمەڵە مەبەستێکی خراپت هەبوو وە دەرکەوت بە لێکۆڵینەوە وسۆراغی حاڵت ئەوە تۆ خاوەن هەوا وئارەزوویت ، ئەوکات مافی خەڵکە کە قسەت لەسەربکەن .

**دواتر : ئەمە کۆمەڵە وشەیەکی کورتی کۆکەرەوەیە (جامعة) ، لە جیاوازی نێوان ئامۆژگاری وسەرزەنشتکردن وناوزڕاندن ، چونکە ئەو دوو پرسە هاوبەشن لەوەدا هەریەکەیان باسکردنی مرۆڤە بەوەی پێی ناخۆشە ، وە لای زۆرێك لە خەڵك ئەو دوو پرسە تێکەڵبووە وجیاوازی ناکەن لە نێوانیان ، خودا یارمەتیدەرە بۆ پێکانی ئەوەی ڕاستیە)[1] .**

---

(١) . شێخ ربیع کوڕی هادی المدخلی خودا بیپارێزێت دەڵێت : واتە : ئامۆژگاری ئەوەیە باسی کەسێك بکەیت بە شتێك کە پێی ناخۆشە ـ ئایا وا نییە ـ وە سەرزەنشتکردنیش هەروەها بریتییە لەوەی باسی کەسێك بکەیت بە شتێك کە پێی ناخۆشە ، بەو هۆیەوە لێکچوونێك لە نێوان ئامۆژگاری وسەرزەنشتکردندا دروست دەبێت .

سەرزەنشتکردن وناوزڕاندن : ئەوەیە باسی عەیبەیەك بکەیت ـ ئایا وا نییە ـ وە هەروەها ئامۆژگاریش باسکردنی عەیبەیە هەتا خەڵك وریابن ئەگەر بیدعەیەك یان هەڵەیەکی هەبوو ، مەبەستت خودای پەروەردگاربوو ئەوە ئامۆژگارییە .

بەڵام ئەگەر باسی عەیبەی بکەیت بۆ ئەوەی تۆڵەی لێبکەیتەوە ومەبەستێکی شەرعیت نەبێت تەنها بۆ تۆڵە کردنەوەی نەفست نەبێت ئەوە سەرزەنشتکردن وزەمکردن وتاوانە .

(بزانە باسکردنی مرۆڤ بەوەی پێی ناخۆشە ئەگەر مەبەست تەنها زەمکردن ودەرخستنی کەموکورتی ونەنگییەکانی وسوکایەتی پێکردنی بێت حەرامە .

بەڵام ئەگەر بەرژەوەندیەکی تێدابێت بۆ هەموو موسڵمانان ، وە مەبەست لێی بەدەست هێنانی ئەو بەرژەوەندیە بێت ئەو کاتە حەرام نییە بەڵکو کارێکی ویستراو وباشە)[١] .

(ئەوەش زانا فەرمووودەناسەکان بەرجەستەیان کردووە لە کتێبەکانیان لە بابەتی (الجرح والتعدیل)دا ، وە باسی جیاوازی نێوان جەرحکردن وغەیبەتیان کردووە)[٢] ، (وە بەرپەرچی ئەو

---

(١) . شێخ ربیع کوڕی هادی المدخلی خودا بیپارێزێت دەڵێت : بەڵکو ئەوە واجبە ، چونکە خودای پەروەردگار ڕوونکردنەوەی حاڵی ئەو کەسانەی واجبکردووە ، نەك تەنها سوننەت ویستراوبێت .

(٢). شێخ ربیع کوڕی هادی المدخلی خودا بیپارێزێت دەڵێت : غەیبەت : باسکردنی براکەتە بەو شێوەی کە پێی ناخۆشە بۆ مەبەستێکی تایبەتی ومەبەستت لەبەر خودا نەبێت ، بەڵکو مەبەستت تانە لێدانی بێت ، بەڵام جەرحکردنی ئەو کەسانەی کە فەرموودە دەگێڕنەوە ، ئەوە پارێزگارییە لە ئایینی خودای

=

=

پەروەردگار ، واتە چۆن فەرموودەی صەحیح لە لاواز جیا بکەینەوە ئەگەر هەموو ئەوانەی فەرموودە دەگێڕنەوە کەس قسەی لەسەر نەکردبن ، ڕافزی وجەهمی ودرۆزن وئەوەی هەڵەی ناشیرن دەکات ، ئایا ئەمە نابێتە مایەی تیاچوونی ئاین ؟ باشە تۆ کۆمەڵە کتێبێکت هەیە لە فەرموودە هەڵبەستراوەکان ، وە کۆمەڵە کتێبێك لە (علل) مجلدی گەورە ، هۆکاری نوسینەوەیان چییە ؟ هۆکاری : جەرحکردنی کەسانێکە لەو کەسانەی فەرموودەکان ڕیوایەت دەکەن ، وە قسەکردن لەسەر سەنەدەکان وقسەکردن لەسەر (مەتنەکان) ئەگەر قسەی تری تێکەڵاوکرابێت ، وە مورسەلی تێدابێت ، وشتی لەو بابەتە .

وە ئەوەی دەڵێت : (باسی جیاوازییەکانی نێوان جەرحکردنی ئەو کەسانەی فەرموودە ڕیوایەت دەکەن ئەوانەی غەیبەت دەکەن) .

غەیبەت کردن خزمەتی ئاین ناکات بەڵکو ئاین دەڕووخێنێت وئامەنجەکەشی شتێکی بێنرخە ، بەڵام جەرحکردن ئامانجێکی بالآی هەیە بۆ پارێزگاریکردن لەم ئاینە وڕێگەگرتن لەوەی حەق وباتڵ تێکەڵ ببێت ، چونکە ئێمە ئەگەر بێدەنگبووین لە ڕاویەکان ودرۆزن وتۆمەتبار وئەوانەی لەبەرکردنیان خراپە وئەوەی هەڵەی ناشیرین دەکات وهاوشێوەی ئەمانە ئاین تیادەچێت ئایا وا نییە ؟ ، وە بەرهەمی ئەم زانستە دیارە سوپاس بۆ خودا .

=

کەسانەیان داوەتەوە کە سەرقاڵی پەرستشبوون وە ئەوانەشی کە زانستیان کەمبووە ، لەبەر ئەوەی بە هاوتا ویەکسان باسی ئەو دوو پرسەیان کردووە)[١] .

---

=

وە نەزانی صۆفییەکان ئەوانەی کە حەزدەکەن ڕاوییەکان وڕەخنەگرەکان بێدەنگبن وقسەنەکەن ، ئەگەر زاناکانی جەرح وتعدیل وزانا ڕەخنەگرەکان خۆیان بە دەستەوە بدایەت ئاینەکەی خودای پەروەردگار تیادەچوو بەڵام خودای پەروەردگار ئەوەی نەویست ونورەکەی خۆی تەواو دەکات ئەگەر کەسانی موبتەدیعیش پێیان ناخۆشبێت .

(١). شێخ ربیع کوڕی هادی المدخلی خودا بیپارێزێت دەڵێت : ئەوانە صۆفییەکان بوون کە نکوڵییان دەکردن لە زانایانی فەرموودە وپێیان دەگوتن : ئێوە غەیبەتی خەڵك دەکەن ، ئەهلی فەرموودەش پێیان وتن : ئەمە غەیبەت نییە ئەمە ئامۆژگاری وڕوونکردنەوەیە ، بەدڵنیاییەوە ئەوانەی کە قورئان وفەرموودە تێناگەن زۆرن .

ئەو کەسانەی کە لەسەر ڕێچکەی ئەهلی بیدع وصۆفییەکانن پێیان ناخۆشە ڕەخنەیان لێبگیرێت وبە حەرامی دەزانن تۆڕەدەبن ، ولەسەر ڕێگەی ئەهلی سونەتین ، سوێند بە خوا ئاوات دەخوازین ڕەخنەمان لێبگرن بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵەکانمان بۆ ئەوەی کاتێك مردین پەشیمان نەبووبینەوە لە هەڵەکانمان .

(وە هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان تانەدان لەو کەسانەی فەرموودە ڕیوایەت دەکەن ، کە ئایا کامیان ڕیوایەتەکەی وەردەگیرێت و کامیان وەرناگیرێت ، ولە نێوان ڕوونکردنەوەی هەڵەی ئەو کەسەی کە دەردەکەوێت کە هەڵە دەکات لە تێگەیشتن لە ماناکانی قورئان وسوننەتدا ، وە هەندێك لێکداوەنەی هەڵەی بۆ دەکات ، وە دەستی گرتووە بە شتێکەوە کە دەستی پێوە ناگیرێت ، بۆ ئەوەی خەڵك ئاگادار بکرێنەوە کە شوێنی نەکەون لەوەدا کە هەڵەی کردووە ، وە زانایان کۆڕان لەسەر دروستی ئەمە .

لەبەر ئەوە دەبینین لە کتێبە نوسراوەکانیاندا لە هەموو زانستەکانی شەریعەت لە تەفسیر ولێکدانەوەی فەرموودە وفیقە وە ناکۆکیەکانی نێزان زانایان وجگە لەوانەش پڕە لە وەڵامدانەی یەکتر وڕەتکردنەوەی قسەی ئەو کەسانەی قسەکانیان لاوازە لە پێشەواکانی پێشین وپاشین (السلف والخلف) ، لە هاوەڵەکان وتابعییەکان ئەوانەش دوای ئەوان هاتوون .

کەس لە ئەهلی عیلم پشتی لەو کارە نەکردووە ، وە بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە کارە تانەدانە لەو کەسەی قسەکەی ڕەتکراوەتەوە ، وە بە زەم وتانەدایان بۆ ئەو کەسەی قسەکەی ڕەتکراوەتەوە نەژماردووە ، ئیلا نوسەرێك نەبێت کە زمان پیس بێت لە کاتی قسەکردندا ، وە ئەدەبی جوان نەبێت لە بەکارهێنانی زاراوەکانی لەو کاتەدا نکولی دەم پیسی وخراپ بەکارهێنانی وشەکانی لێدەکرێت ، نەوەك بنەڕەتی ڕەتدانەوەکەی وپێچەوانەی بوونی ئەوکەسە ڕەتی داوەتەوە ، بۆ ساغکردنەوەی بەڵگە شەرعییە موعتەبەرەکان ، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە زانایان هەموویان کۆ دەنگن لەسەر ویستی دەرخستنی ئەو حەقەی کە خودا پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم بۆ ناردووە ، وە بۆ ئەوەی ئاین هەمووی بۆ خودابێت ، وە فەرموودەی خوا بالآبێت)[(١)] .

---

(١). شێخ ربیع کوڕی هادی المدخلی خودا بیپارێزێت دەڵێت : دەیەوێت بڵێت هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان تانەدان لە ئەوانەی فەرموودە ڕیوایەت =

=

دەکەن وئەوانەی هەڵەیان ڕوون دەکرێتەوە لە ئایندا جا ئەو هەڵەیە لە فیقهـ بێت یان فەرموودە یان تەفسیر یان بنەماکان یان هەر بوارێکی تر،یان بیدعەی هەبێت.

هەندێك خەڵك دەڵێن : ئەم جەرحکردنە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە فەرموودە ڕیوایەت دەکەن لەبەر پارێزگاری لە سوننەتی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم !! پێیان دەڵێین : ئەی بیروباوەڕی موسڵمانان ئەگەر کەسانێك ژاوەژاو دروست بکەن وتێکی بدە ڕەخنەیان لێناگیرێت ؟! ، ڕەخنە لە جەهمییەکان ورەوافزەکان نەگرین لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە گێڕانەوەی فەرموودەوە نییە ، ئەوانە کۆمەڵە بیروباوەڕێکیان هێناوە پێچەوانە ودژە لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا ئایا لێیان بێ دەنگبین ؟! صۆفییەکان بیروباوەڕی ــ حلول وحدة الوجود ــ وسەماکردن وسرود وبیدعە وویردی گومڕایی وبیدعەیان داهێناوە ، ئەوانە فەرموودەیان نەگێڕاوەتەوە بەڵام واجبە ڕەخنەیان لێبگرین .

قەرەزاوی پرسیاری لێکرا ئایا ئەشاعرە لە ئەهلی سوننەن ؟ وەك گڕکان تەقیەوە : (دەڵێن ئەشاعرە لە ئەهلی سوننەت نین ! بۆ کوێ بڕۆین ؟! هەموو دونیا پڕە ئەشعەرییەکان ! زۆربەی زانکۆکان لە هەموو دونیا ئەشعەرین ، ئەزهەر کە هەزار ساڵە خزمەتی ئیسلام دەکات ، زەیتونە ، قەرەویی ، دیوبند ، هەموویان ئەشعەرین).

=

=

نازانم هۆکاری ئەمە چییە ؟! لەوانەیە گەنجانێکی سەلەفی هەبن بیانەوێت مێشکیان بشۆنەوە ، وە ئەو داماوانەش بەرامبەر ئەو هەڵچوونە گرکانییە چارەی تریان نەبوو جگە لە سەرشۆڕکردن وخۆبەدەستەوەدان ، هیچی تریان لە توانادا نەبوو جگە لە خۆ بە دەستەوەدان ؟!.

ئەشعەرییەکان ئێستا بیروباوەڕیان بیروباوەڕی جەهمییەکانە لە لەکارخستنی (تعطیل) سیفەتەکانی خودای پەروەردگار ، لەبەر ئەوە شێخی ئیسلام ئیبن تیمیە لە ڕەددانەوەیاندا کتێبی زۆری نوسیوە لەوانە (تلبیسات الجهمية) ، ئەو جەهمییانە کێن کە ئیبن تیمیە مەبەستی بوو ؟! ئەوانەن کە ئەشعەری بوون لای : ڕازی وهاوشێوەکانی ، کاتێك باسی ئەو مشومڕە دەکات کە لە نێوان خۆی وئەشعەرییەکاندا ڕوویداوە لەسەردەمی خۆی دەڵێت : جەهمییەکان وتیان ، جەهمییەکان وتیان ، ئەشعەرییەکانی بە جەهمی داناوە چونکە هاوتای موعتەزیلەکان وئەشعەرییەکانی لە بەشەکانی جەهمییەکان داناوە ، پاشان دەربارەی ئەشعەرییەکان دەڵێت : ( هەرکەس لەوانە لەسەر ئەو (إبانە)یەبێت کە ئەبو حەسەنی ئەشعەری لە کۆتایی ژیانیدا دایناوە وە قسەی پێچەوانەی ئەوەی نەبێت ، وەدان بەوەدا بنێ کەلەم (إبانە)یە هاتووە ئەوە لە ئەهلی سوننەیە بە مەرجێك خۆی نەداتە پاڵ ئەشعەری لەبەر ئەوەی خۆدانەپاڵ زەرەر وزیان بە خەڵك دەگەیەنێت) .

=

=

زۆربەی ڕەخنەکانی سەلەف لە جەهمییەکان لەبەر نکوڵیکردنی بڵندی خودای پەروەردگارە ، دەڵێن : خودا لە نەلە نێو جیهاندایە ونە لە دەرەوەی جیهان وە نەلەسەرەوەیە ونەلە ژێر وە نەلە وە نەلە .. ، بەوەش سەدان دەقی قورئان وسوننەت ڕەتدەکەنەوە ، یان دەڵێن : خودا لە هەموو شوێنێکە .

عبداللەی کوڕی مبارك دەڵێت : (ئێمە دەتوانین قسەی جوولەکە وگاور جگە لەوانیش بگێڕینەوە ، بەڵام ناتوانین قسەی جەهمییەکان بگێڕینەوە) ، بەڵێ نمونەی ئەم قسەیە : خودا نە لەسەرە ونەلە خوارە یان خودا لە هەموو شوێنێکە ، لەگەڵ لەکارخستنی ئەم سیفەتە گەورەیە وتێکدانی مانای بەڵگەکان کە بەزۆری لە قورئان وسوننەتدا هاتووە .

ئەم هەموو ئاگاداری ووریاییدان وئامۆژگاریکردنە ئەگەر قسەمان لەسەر پێشەواکانی هیدایەتکرد قسەیان لەگەڵ دەکەین بە ڕێز ودڵسۆزییەوە بۆ خودای پەروەردگار ، وە دروست نییە قسەکانیان بگێڕینەوە بە مەبەستی زەمکردن وناوزڕاندن وتانەلێدانیان چونکە ئەمە هەرگیز دروست نییە ، بەڵام پوچەڵکاران وئەهلی بیدع ڕیسواییەکانیان ڕووندەکرێتەوە وە پارێزگارییان لێناکرێت وە هەروەها ئەو نەفامانەی خۆیان چواندووە بە ئەهلی عیلم وزاناشنین پێویستە کەموکورتی ونەفامی وگومڕاییەکانیان ڕوون بکرێتەوە .

هەموو زانایان دان بەوەدا دەنێن کە شارەزابوون لە هەموو زانست بەبێ ئەوەی هیچ شتی ناباوی تێدابێت ، ئەوە پلەیەکە هیچ کەس لە زاناکان بە دەستیان نەهێناوە ، وە هیچ کەس لە زانایانی پێش وئەوانەی دوای ئەوانیش هاتوون بانگەشەی شتێکی لەو شێوەیەی نەکردووە ، لەبەر ئەوە پێشەوایانی سەلەف کە کۆڕایی هەیە لەسەر زانست وفەزڵ وڕێزیان حەقیان وەردەگرت لە هەرکەسێکەوە بۆی هێنابان ، ئەگەرچی لەلایەن منداڵ وکەم تەمەنیشەوەبێت ، وە هاوەڵ وشوێنکەوتەکانیان ئامۆژگاری دەکرد بە وەرگرتنی حەق ئەگەر دەرکەوت لە وتەی ئەوانی تر .

وەك ئەوەی عمر رضی الله عنه دەربارەی مارەیی ئافرەت فەرمووی ، ئافرەتێك ڕەدیکردەوە بەو فەرموودەی خودای پەروەردگار : ﴿وَءَاتَيْتُمْ إِحْدَىٰهُنَّ قِنطَارًا ﴿٢٠﴾﴾ [النساء] ، واتە : ئەگەر ماڵێکی زۆریشتان پێدابن .

، لە وتەکەی پەشیمان بویەوە فەرمووی : ژنێك ڕاستی پێکا وپیاوێك هەڵەی کرد ، وە لێی دەگێڕدرێتەوە کە فەرموویەتی : هەموو کەس لە تۆ شارەزاترە ئەی عمر[1] .

وە هەندێك لە زانا ناسراوەکان ئەگەر شتێکی بە ڕەئی خۆی گوتبا دەیگوت : ئەمە ڕەئی ئێمەیە هەرکەس ڕەئیەکی لەمە جوانتر بهێنێت لێی وەردەگرین وقەبوڵی دەکەین .

وە شافعی زۆر جەختی لەسەر ئەم مانایە دەکردەوە وە شوێنکەوتەکانی ئامۆژگاری دەکرد بە شوێنکەوتنی حەق ووەرگرتنی سوننەت ، ئەگەر بۆیان دەرکەوت پێچەوانەی قسەی ئەوانە وقسەکەی بە دیواردا بکێشن وفڕێیدەن ، وە لە کتێبەکانیدا دەیفەرموو : دەبێت پێچەوانەی قورئان وسوننەتی تێدابێت چونکە خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾﴾ [النساء] .

---

(١). ضعف هذه القصة العلامة الألباني رحمه الله في "إرواء الغليل" (٣٤٨/٦).

واتە : ئەگەر ئەم قورئانە لە خوداوە نەبوایە ناکۆکی وناتەباییەکی زۆریان تێدا بەدی دەکرد ، وە لەوەش بەهێزتر ، فەرموویەتی : هیچ کەس نییە گفتوگۆی لەگەڵ کردبم سەرقاڵی ئەوە نەبووم ئایا بەڵگە لەسەر زمانی ئەو ساغ دەبێتەوە یان لەسەر زمانی من .

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەستی تەنها دەرکەوتنی حەق بووە ئەگەرچی لەسەر زمانی ئەوانی تریشەوەبێت ، ئەوانەی گفتوگۆیان لەگەڵکردووە یان پێچەوانەی بوون .

هەرکەس ئەمە حاڵی بێت ، بەدڵنیاییەوە پێی ناخۆش نابێت کە قسەی ڕەد بدرێتەوە وبۆی ڕوون بکرێتەوە لەوەدا کە پێچەوانەی سوننەتە چ لە ژیانیدا یان دوای مردنی .

ئەو گومانەش بە پێشەواکانی تری ئیسلام دەبرێت ، کە داکۆکیان لە ئیسلام کردووە ، وهەستاون بەسەرخستنی لە پێشەوایانی پێشین وپاشین (السلف والخلف) ، وە ڕقیان لەو کەسانە نەبووە کە پێچەوانەیان بوون لەبەر بەڵگەیەك کە بۆیان دەرکەوتبوو ، ئەگەرچی ئەو بەڵگەیە لای ئەمان ئەو هێزەی

نەبوبێت کە ببێتە مایەی ئەوەی دەستی پێوە بگرن وواز لە بەڵگەکەی خۆیان بهێنن بۆ ئەوەی بەرامبەریان .

لەبەر ئەوەی پێشەوا ئەحمەد رحمە الله باسی ئیسحاقی کوڕی راهویەی دەکرد وستایشی دەکرد وپیایدا هەڵدەدا ودەیفەرموو : ئەگەرچی لە کۆمەڵە شتێکیش پێچەوانەیە ، بەڵام خەڵك بەردەوام هەندێکیان پێچەوانەی هەندێکی تریانن .

وە زۆر جار قسەی ئیسحاق وپێشەواکانی تریان بۆ باسدەکرد ، وە ئەو قسەیان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە ، تەبا نەدەبوو لەگەڵ قسەکەیان ، وە نکوڵی نەدەکر لەسەر قسەکانیان ، وە ئەوەشی کە کردوویانەتە بەڵگە ، ئەگەرچی خۆی هاوڕا نەدەبوو لەسەر هەموو ئەوانە[١] .

---

(١). قال الإمام ابن القيم رحمه الله : ((وقولهم : " إن مسائل الخلاف لا إنكار فيها " ليس بصحيح فإن الإنكار إما أن يتوجه إلى القول والفتوى أو العمل ، أما الأول فإذا كان القول يخالف سنة أو إجماعا شائعا وجب إنكاره اتفاقا ، وإن لم يكن كذلك فإن بيان ضعفه ومخالفته للدليل إنكار مثله ، وأما العمل فإذا كان على

=

=

خلاف سنة أو إجماع وجب إنكاره بحسب درجات الإنكار ، وكيف يقول فقيه لا إنكار في المسائل المختلف فيها والفقهاء من سائر الطوائف قد صرحوا بنقض حكم الحاكم إذا خالف كتابا أو سنة وإن كان قد وافق فيه بعض العلماء ؟ وأما إذا لم يكن في المسألة سنة ولا إجماع وللاجتهاد فيها مساغ لم تنكر على من عمل بها مجتهدا أو مقلدا.

وإنما دخل هذا اللبس من جهة أن القائل يعتقد أن مسائل الخلاف هي مسائل الاجتهاد ، كما اعتقد ذلك طوائف من الناس ممن ليس لهم تحقيق في العلم ، والصواب ما عليه الأئمة أن مسائل الاجتهاد ما لم يكن فيها دليل يجب العمل به وجوبا ظاهرا مثل حديث صحيح لا معارض له من جنسه فيسوغ فيها – إذا عدم فيها الدليل الظاهر الذي يجب العمل به – الاجتهاد لتعارض الأدلة أو لخفاء الأدلة فيها، وليس في قول العالم : " إن هذه المسألة قطعية أو يقينية ، ولا يسوغ فيها الاجتهاد " طعن على من خالفها ، ولا نسبة له إلى تعمد خلاف الصواب والمسائل التي اختلف فيها السلف والخلف وقد تيقنا صحة أحد القولين فيها كثير مثل كون الحامل تعتد بوضع الحمل ، وأن إصابة الزوج الثاني شرط في حلها للأول ، وأن الغسل يجب بمجرد الإيلاج وإن لم ينزل ، وأن ربا الفضل حرام ، وأن المتعة حرام ، وأن النبيذ المسكر حرام ، وأن المسلم لا يقتل بكافر ، وأن المسح على الخفين جائز حضرا وسفرا...)) ( إعلام الموقعين عن رب العالمين : ٣ / ٣٠٠ ) .

وە پێشەوا ئەحمەد ئەوەی بەباش زانیوە کە لە حاتەمی الأصمە وە گێڕدراوەتەوە : پێی وتراوە ، تۆ کەسێکی ئەعجەمیت ـ واتە عەرەب نیت ـ ، وە لەگەڵ کەس گفتوگۆ ناکەیت ئیلا بەسەریدا سەردەکەویت ، بەچ شتێك لە ڕکابەرەکانت دەبەیتەوە ، وتی بەسێ شت : پێم خۆش دەبێت کاتێك ڕکابەرەکەم ڕاستی دەپێکێت ، وە پێم ناخۆشە کاتێك دەکەوێتە هەڵەوە ، وە زمان دەپارێزم لەوەی کە شتێك بڵێم پێی ناخۆش بێت ، یان شتێکی لەو مانایە ، ئەحمەد فەرمووی : چەندە مرۆڤێکی عاقڵە! .

کەواتە ڕەتکردنەوەی وتراوە لاوازەکان وڕونکردنەوەی ئەوحەقەی لای پێچەوانەکەیەتی بە بەڵگەی شەرعی لەو شتانە نییە کە ئەو زانایانە پێیان ناخۆشبێت ، بەڵکو پێیان خۆش دەبێت وئەو کەسەشی پێی هەڵدەسێت ستایشی دەکەن ، وبە باشە باسی دەکەن .

وە بەهیچ شێوەیەك ناچێتە نێو بابەتی غەیبەتەوە ، گریمان ئەگەر کەسێك هەبوو پێی ناخۆش بوو هەڵەکەی کە پێچەوانەی

حەقە ڕوون بکرێتەوە ، ئەوە لاناکرێتەوە لەو پێناخۆش بوونەی ، چونکە خۆشنەویستنی دەرخستنی حەق ئەگەر پێچەوانەی وتەی کەسێك بوو لە سیفەتە ستایشکراوەکان نییە ، بەڵکو واجبە لەسەر موسڵمان پێی خۆشبێت حەق دەرکەوێت وموسڵمانان بیزانن ، ئەگەرچی ئاشکراکردنی ئەو حەقە بە ڕەزامەندی ئەو کەسەبێت یان پێی ناخۆشبێت .

ئەمەش لە ئامۆژگاریە بۆ خودا وکتێبەکەی وپێغەمبەرەکەی وئاینەکەی وپێشەوایان وهەموو موسڵمانان ، ئەمەش ئەو ئاینەیە کە پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم هەواڵی لە بارەوە داوە .

وە بابەتی ڕونکردنەوەی هەڵەی هەرکەسێك کە هەڵەی کردووە لە زانایانی پێش خۆی ، ئەگەر لە گوتاریدا بە ئەدەب بوو ، وە بە جوانی ڕەد ووەڵامی دایەوە ، ئەوە هیچ تاوانی لەسەر نییە ولۆمە ناکرێت ، ئەگەر ڕەدێکیدایەوە لەبەر کۆمەڵە شتانێك بەڵام دەرکەوت کەوانییە ، هیچی لەسەر نییە ، چونکە کاتێك هەندێك لە سەلەف قسەی کەسێکی پێ بگەیشتایە کە

نکولی لە خاوەنەکەی بکردایە دەیگوت : فلان درۆی کرد ، ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوداش صلى الله عليه وسلم لەم بابەتەیە کە فەرمووی : ((كذب أبو السنابل))[١] ، واتە : درۆی کرد ئەبو سەنابل ، کاتێك پێیان ڕاگەیاند کە فەتوای داوە بۆ ئەو ئافرەتەی کە مێردەکەی مردووە ودووگیانە ، منداڵەکەی لە دایکبووە ، حەڵاڵ نابێت بۆ خوازبێنی کردن هەتاوەکو چوار مانگ ودە ڕۆژ بەسەر مردنی پیاوەکەیدا تێنەپەڕێت .

وە پێشەوا لە خوا ترس ودونیا نەویستەکان بە توندی نکولی وتراوە ونوسراوە لاوازەکانیان کردووە کە هەندێك زانا وتوییانە یان نوسیویانە وبە تێر وتەسەلی ڕەددیان داوەتەوە ، وەك چۆن پێشەوا ئەحمەد نکوڵی لە ئەبو ثور وجگە لەویش دەکرد کە قسە ونوسراوی وایان هەبوو تەنها ڕەئی خۆیان بوو ، وە ڕۆدەچوو لە ڕەتدانەوەیان ، هەموو ئەمە حوکم دانە لەسەر ڕواڵەت .

---

(١).أخرجه أحمد وأصله في صحيح البخاري .

بەڵام لە پەنهان وناواخنی كارەكە : ئەگەر مەبەستی لەوە تەنها ڕوونكردنەوەی حەق بێت ، وە بۆ ئەوەی خەڵكی فریو نەخۆن بەو وتە ونوسراوەی ئەو كەسانەی هەڵەیان كردووە ، گومانی تێدا نییە كە پاداشت وەردەگرێت لەسەر مەبەستەكەی ، وە بەو كردەوەیەشی كە نییەتی وابێت دەبێتە ئامۆژگاری كار بۆ خودا وپێغەمبەرەكەی وپێشەوایان وتێكڕای موسڵمان .

ئەو كەسەی هەڵەكەی ڕوونكردووەتەوە گەورەبێت یان بچووك جیاوازی نییە وپێشەنگ وسەرمەشقی هەیە كە ئەو زانایانەن كە ڕەددی پێشەوا ئیبن عەباسیان داوەتەوە لە هەندێك وتەی كە ناباو بووە تەنها وتەی خۆی بووە ، وە نكولی لێكراوە لە لایەن زانایانەوە لە پرسی زەواجی كاتی وئاڵوگۆڕی زێڕ وزیو ودوو عەمرە لە ساڵێكدا وجگە لەوانەش .

وە ئەوانەی ڕەددی سعیدی كوڕی المسیبیان داوەتەوە لەو وتەی حەڵاڵبوونی ئەو ئافرەتەی هەرسێ تەڵاقەكەدراوە بە تەنها گرێبەستی مارەكردنەكەی بەبێ عیدەی تەڵاق ، وە جگە لەوەش كە پێچەوانەی سوننەتی ڕاشكاوە ، وە ئەوانەی ڕەددی

الحسنیان داوەتەوە لەو وتەی کە دەڵێت : تعزییە باری بۆ ئەو ئافرەتە نییە کە مێردەکەی دەمرێت ، وە ئەوانەی ڕەددی عطایان داوەتەوە لە حەڵاڵکردنی (إعادة الفروج) ، وە ئەوانەی ڕەددی طاووسیان داوەتەوە لە کۆمەڵە پرسێك کە بە تەنها پێچەوانەی زانایانە ، وە جگە لەوانیش کە موسڵمانان کۆڕان لەسەر هیدایەت وزانست وخۆشەویستی وستایشیان .

وە هیچ کەس لەوان پێچەوانەکانیان لەم پرسانە وهاوشێوەکانی بە تانەدان نەژماردووە بۆ ئەو پێشەوایانە وبە عەیبەی دانەناوە بۆیان .

وە کتێبەکانی پێشەوایانی موسڵمانان لە سەلەف وخەلەف پڕە لە ڕوونکردنەوەی ئەو وتە ونوسراوانە وهاوشێوەکانیان وەك کتێبەکانی شافعی وئیسحاق وئەبوعبید وئەبوثور ودوای ئەوانیش لە پێشەوایانی فیقه وفەرموودە وجگە لەوانەش کە بانگەشەی شتانێکیان کردووە ونوسیوە کە هاوشێوەیان کەمبووە ، ئەگەر هەموو ئەوانەمان بەدرێژی هێنابا باسەکە زۆر درێژ دەبوویەوە .

بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەو کەسەی ڕەت دەداتەوە دەرخستنی عەیب ونەنگییەکانی ئەو کەسەبێت کە ڕەددی دەداتەوە وە بەکەم سەیری بکات ونەفامی ڕوونبکاتەوە وە دەستکورتی لە زانستدا دەربخات ، وە هاوشێوەی ئەمانە ئەوە حەرامە ، جا جیاوازی نییە ئەو ڕەتدانەوەی لە پێش چاوی ئەو کەسە بێت کە ڕەددی داوەتەوە یان لە پشتە ملە ، وە لە ژیاندابێت یان دوای مردنی ، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی ئەوەی کە خودا زەمی کردووە لە کتێبەکەیدا وە هەڕەشەی لێکردووە بە وەیل بۆ ئەو کەسانەی تانە لە خەڵك دەدەن بە دەست وزمانیان[1] ، وە دەچێتە چوارچێوەی ئەو فەرموودەی کە پێغەمبەری خودا صلی اللّه علیه وسلم دەفەرموێت : ((يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ ، وَلَمْ يَدْخُلِ الْإِيمَانُ قَلْبَهُ ، لَا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ ، وَلَا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ ، فَإِنَّهُ مَنِ اتَّبَعَ عَوْرَاتِهِمْ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ ، وَمَنْ يَتَّبِعِ اللَّهُ

---

(١) . ئاماژە بۆ ئەم فەرموودەیەی پەروەردگار دەکات کـــــــە دەفەرموێت : ﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ۝١ ﴾ (الهمزة)(وەرگێڕ) .

عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ فِي بَيْتِهِ))[١] ، واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بە زمانتان هێناوە وبەدڵتان باوەڕتان نەهێناوە ، عەزیەت وئازاری موسڵمانان مەدەن وشوێن کەموکورتیەکانیان مەکەون ، چونکە هەرکەس شوێن عەیب ونەنگیەکانیان بکەوێت ، خودا شوێن عەیب ونەنگیەکانی دەکەوێت ، وە هەرکەس خودا شوێن عەیب ونەنگیەکانی بکەوێت ڕیسوای دەکات ئەگەر لە نێو قوڵی ماڵەکەیشیدابێت .

ئەمە هەموو لە بەرامبەر ئەو زانایانەیە کە خەڵك چاویان لێدەکات لە ئایندا ، بەڵام ئەهلی بیدعە وگومڕا وە ئەوەی خۆی چواندووە بە زانایان ولەوان نییە ، دروستە نەفامی ڕوون بکرێتەوە ، وعەیب وکەموکورتیان دەربخرێت بۆ ئەوەی موسڵمانان

---

(١) . رواه أحمد وأبو داود وابن حبّان ، وصححه الألباني.

**ئاگاداریانبن و چاویان لێنەکەن وشوێنیان نەکەون ، وە قسەی ئێمە ئێستا لەسەر ئەم جۆرە کەسانە نییە ، والله أعلم** [١] .

---

(١). شێخ ربیع کوڕی هادی المدخلی خودا بیپارێزێت دەڵێت : حافز ئیبن رجب رحمه الله دوای قسەیەکی بەهێز دەربارەی ڕوونکردنەوەی هەڵەی زانایان وڕێزگرتنیان دەڵێت : (ئەمە هەموو لە ئاست ئەو زانایانەی کە خەڵك چاویان لێدەکات لە ئایندا ، بەڵام ئەهلی بیدعە وگومڕایی وە ئەوەی خۆی چواندووە بە زانایان ولەوان نییە ، دروستە نەفامی ڕوون بکرێتەوە ، وعەیب وکەموکورتیان دەربخرێت بۆ ئەوەی موسڵمانان ئاگاداریانبن وچاویان لێنەکەن وشوێنیان نەکەون ، وە قسەی ئێمە ئێستا لەسەر ئەم جۆرە کەسانە نییە ، والله أعلم) .

پاشان دەڵێت : (هەرکەس زانرا بە ڕەد دانەوەی زانایان ویستی ئامۆژگاریە بۆ خودا وپێغەمبەرەکەی ئەوا پێویستە بە ڕێز وپێزانین وگەورەییەوە سەیر بکرێت ، وە هەموو پێشەوایانی موسڵمانان کە پێشتر باسکران ونمونەیان هێنراوە وئەوانەی بە باشە شوێنیان کەوتوون ) .

ئەمەی کۆتای ئێستا ڕکابەرەکانی ئەهلی سوننەت وجەماعەت بە تایبەت حیزبییەکان ئەنجامی دەدەن ، بەکردار دژی مەنهەجی سەلەفین وسەرخەری ئەهلی بیدعە وئارەزوو ویستەکانن .

بەڵام زانایان وئەهلی هیدایەت ـ بە خودا ـ دڵخۆش دەبن بە دەرخستنی حەق ئەگەر یەکێکیان هەڵەیەکی کردبێت وبۆ خەڵك ڕوونکرابێتەوە کە ئەم

=

=

پێشەوا هەڵەی کردووە ، لەبەر ئەوە بینیمان قوتابیەکانی ئەو زانایانە ڕاڕا نابن لە ڕاستکردنەوەی هەڵەی پێشەواکانیان وە هەست بە شەرمەزاری ناکەن کە پێچەوانەی وتەکانی ئەوانن کە تێیدا هەڵەیان کردووە ، ئەوان باوەڕیان وایە باوەڕی تەواو کە پێشەواکانیان ئەمەیان پێخۆشە ، وە هەرگیز ڕازی نابن خەڵك پەرستش بکات بە هەڵەکانی ئەوان ، وە هەرگیز ڕازی نابن کە هەڵەکانیان بدرێتە پاڵ ئاینەکەی خودای پەروەردگار ، لەبەر ئەوەی ڕاستگۆیی ودڵسۆزی وئامۆژگاری ئەوانمان بۆ خودا وپێغەمبەرەکەی و کتێبەکەی وپێشەوایان وموسڵمانان بە گشتی بۆ دەرکەوتووە ـ خودایان لێ ڕازی بێت ـ ، بەڵام ئەهلی هەواو ئارەزوو : ئەگەرچی لە ژیاندابن یان دوای مردنیان ڕازی نابن بگوترێت : فلاّن هەڵەی کردووە هەرچەندە گومڕابێت وڕۆچووبێت لە گومڕاییدا بەرگەی ڕەخنە ناگرێت لەبەر ئەوە دەبینی کەلەڕەقی دەکەن لە کاتێکدا ئەهلی سوننەت وئەهلی حەق بە بەردەوامی بۆیان ڕوون دەکەنەوە کە هەڵەیانکردووە وگومڕابوون لە فلاّن وفلاّنە پرس وبەڵگەیان بۆ دەهێننەوە ، هەر شێلگرن لەسەر پووچەڵییەکەیان وخەڵك کۆ دەکەنەوە لە دەوری ئەم فیکرە گومڕاو لا ڕێیانە وە ناترسن لە ئەو چارەنووسە خراپە کە لەسەر کردەوەکانیان دووچاری دەبنەوە وە ناترسن لە لێ پرسینەوەی توندی خودای پەروەردگار لە کاتێکدا خەڵك بانگدەکەن بۆ گومڕایی ولاڕێیاندەکەن لە ڕێگەی هیدایەت ، لەبەر

=

=

ئەوەی دڵەکانیان تووشی نەخۆشی بووە ـ پەنا بەخوا ـ وە هەواو وئارەزوو بەسەریاندا زاڵبووە وەك چۆن پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم وەسفیکردوون ودەفەرموێت : ((تَجَارَى بهِم تِلْكَ الأَهْوَاء كَما يَتَجَارَى الكَلَبُ بِصَاحِبِهِ)) ، واتە : هەوا وئارەزووەکان لە هەموو جەستەیان هاتووچۆ دەکات وەك چۆن نەخۆشی سەگ (داء الكلب) لە گیانیاندا تەشەنەدەکات وهەموو گیانیان داگیر دەکات ، لەبەر ئەوە سەلەف ناوی : ئەهلی هەواو ئارەزوو لێناون ، وە ناوی ئەهلی حەقیان ناوە ئەهلی سوننەت وجەماعەت وە پێیان دەڵێن : ئەهلی زانست وئەهلی فەرموودە وە نازناوی جوانیان لێدەنێن ، بەڵام ئەوان ناودەبرێن بە : ئەهلی گومڕایی وئەهلی بیدعە ، وئەهلی هەوا وئارەزوو ، وەك جەهمییەکان وموعتەزیلەکان وقەدەرییەکان ومورجئەکان وخەوارج وڕەوافز وجگە لەوانیش ، پێیان دەڵێن : ئەهلی هەوا وئارەزوو ، چونکە هەوا وئارەزوو کۆیان دەکاتەوە هەموویان کە دەکەونە هەڵەوە ناگەڕێنەوە ، بەڵام ئەهلی حەق وئەهلی عیلم ئەوانەی کە پەیامەکانی خودای پەروەردگار دەگەیەنن وئەوانەی پاڵنەری سەرەکییان بۆ بڵاوکردنەوەی زانست وجێنشینەکەیانە بۆ پێغەمبەران کە ڕوونکردنەوەی ڕاستی وبانگەوازکردنە بۆ ئەو پەیامە .

=

=

ئەوانە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەترسن لە کەوتنە هەڵەوە ئەگەر کەسێك ڕووبەڕوویان بویەوە وهەڵەکانی دەرخستن بەوە دڵخۆش دەبن وهانیدەدەن .

قورئان دادەبەزی موافقەی عمری دەکرد رضی الله عنه ، ئایا پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم تورە دەبوو ؟! ئایا پەشیمان دەبوویەوە ؟ ئایا ئازاری پێ دەگەیشت ؟! ئایا دەیفەرموو : ئەم عمرە خودا پشتگیری لێکردووە ووازی لە من هێناوە ؟! داوای لێخۆشبوون لە خودای بالآدەست دەکەم ؟ وە هەروەها ئەبوبکر وە هەموو هاوەلآن ـ رضوان الله علیهم ـ هەرکەس لەوان بکەوتایەتە هەڵەیەکەوە وبۆی ڕوونبکرایەتەوە بەوە دڵخۆش دەبوو وە پێشەوایانی هیدایەتیش هەروەهان ـ وەك ئەوەمان چەند جارێك وتووە ـ ئەم قسەیە لەسەر وانەی پێشوو بوو لەم کتێبە ، وە ئەم شەو دەمانەوێت چەند شتێك لە وتەی زانایان بخوێنینەوە کە ڕوونی دەکەنەوە کە ڕەخنەگرتن وجەرحکردن ئەگەر مەبەست لێی مەبەستێکی ئیسلامی دروستبێت ئەوە ویستراوە وهەندێك جار پێویست دەبێت ، چونکە سود وئامۆژگاری تێدایە بۆ ئوممەت وجێگیریان دەکات لەسەر حەق وخێر ودووریان دەخاتەوە لە شەڕ وگومڕایی وهەوا وئارەزوو .

# جۆرەکانی ئامۆژگاری

هەرکەس زانرا بە ڕەد دانەوەی زانایان ویستی ئامۆژگاریە بۆ خودا وپێغەمبەرەکەی ئەوا پێویستە بە ڕێز وپێزانین وگەورەییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت وەك هەموو پێشەوایانی موسڵمانان کە پێشتر باسکران ونمونەیانمان هێنایەوە وئەوانەی بە باشە شوێنیان کەوتوون .

وە هەرکەس زانرا بەو ڕەتدانەوەی مەبەستی بەکەم دانان وزەمکردنیانە ، ئەوا شایەنی ئەوەیە لەبری ئەوە سزا بدرێت بۆ ئەوەی ئەو وهاوشێوەکانی بوەستن وڕێیان لێ بگیرێت لەم کارە نەشیاو وحەرامانە .

ئەم مەبەستەش جارێك دەزانرێت بە دانپێدانانی ئەو کەسەی ڕەدەکە دەداتەوە ودانپێیدا دەنێت کە مەبەستی شکاندنەوە وزەمی ئەو زانایە بووە ، وە جارێك بە بەڵگە وکە وابەستەی کردار وگوتارەکەیەتی دەردەکەوێت ، هەرکەس ناسراوبێت بە عیلم وئایینداری وڕێزگرتنی پێشەواکانی ئیسلام وبە گەورە

دانانیان ، ڕەددی هەڵە ناداتەوە وڕوونی ناكاتەوە بەو شێوەیە نەبێت كە زانا پێشەواكان پێی هەستاون .

وە لە نوسینی كتێب ولێكۆڵینەوە پێویستە قسەكەی بۆ مەبەستی یەكەم دابنرێت . واتە ئەوەی كە مەبەستی ئامۆژگارییە . ، وە هەركەس قسەكەی بۆ مەبەستی تر وێناكرد لە كاتێكدا حاڵی بەوشێوەیەبێت كە باسكرا ، ئەوە لەو كەسانەیە كە گومان بە بێ تاوان دەبات گومانی خراپ ، ئەوەش لەو گومانەیە كە خودا و پێغەمبەرەكەی صلى الله عليه وسلم حەرامیان كردووە ، وە ئەو ئایەتەش دەیگرێتەوە كە خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿وَمَن يَكْسِبْ خَطِيٓـَٔةً أَوْ إِثْمًا...﴿١١٢﴾﴾ (النساء)[1] ، واتە : هەركەس هەڵەیەك یان تاوانێك بۆ خۆی

---

(١) . تەواوی ئایەتەكە خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿وَمَن يَكْسِبْ خَطِيٓـَٔةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِۦ بَرِيٓـًٔا فَقَدِ ٱحْتَمَلَ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿١١٢﴾﴾(النساء).

بەدەست بهێنی وئەنجامی بدات ... ، چونکە گومانی خراپ بردن بەکەسێك کە نیشانەکانی خراپی لێدەرنەکەوێت لەو گومانانەیە کە خودا وپێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە ، ئەو کەسەی ئەو جۆرە گومانە دەبات دوو خراپەی کۆ کردووەتەوە کە ئەوانیش ئەنجامدانی هەڵە وتاوان وتاوان بارکردنی کەسێك کە بەرییە لەو کارە .

ئەوەی دەبێتە بەڵگە ئەو هەڕەشەی لە ئایەتەکەدا هاتووە ئەو گومانبەرە بگرێتەوە  نیشانە خراپەکانە وەك : زۆر ستەم کردن ، سنوربەزاندن ، کەمی لە خواترسان ، زمان ڕەهاکردن ، زۆری غەیبەت وبوهتانکردن ، وە ئیرەیی بردن بە خەڵك لەوەی کە خودا پێیداون لە فەزڵی خۆی ، مننەتکردن ، وە زۆر سوربوون لە کێبڕکێ لەسەر بە دەستهێنانی سەرکردایەتی پێش کاتی هاتنی .

هەرکەس بەم سیفەتانە ناسرابێت کە ئەهلی عیلم وباوەڕ لێی ڕازی نابن ئەوکات کارەکەی وەك ئەوەیە تووشی نەخۆشی بووبێت

بە زانایانەوە ، وە ئەگەر ڕەددانەوەکەی لەسەر جۆری دووەم بوو ئەوە شایستەی ئەوەیە ڕیسوا بکرێت .

وە هەرکەس ئەو نیشانەکانی لێدەرنەکەوت کە ئاماژەبن لەسەر خراپی ، ئەو کاتە پێویستە قسەکەی بە باشترین شێوە کە دەشێت وەربگیرێت ، وە دروست نییە ئەو ڕووەی وەربگیرێت کە خراپترین ڕوو وئەگەرەکانیەتی .

وە پێشەوا عمر رضی الله عنه فەرموویەتی : (لا تظن بكلمة خرجت من أخيك المسلم سوءاً وأنت تجد لها في الخير محملاً) ، واتە : گومانی خراپ مەبە بە وشەیەك کە لە برا کەتەوە دەردەچێت ، لە کاتێکدا تۆ دەتوانیت لێکدانەوەیەکی باشی بۆ بکەیت .

# فەسڵی چۆنیەتی ئامۆژگاری کردن

ئەگەر بە کەسێك بگوترێت لە ڕووی خۆیدا ئەوەی کەپێی ناخۆشە ، لە ڕوانگەی ئامۆژگاری کردنەوە باشە ، وە هەندێك لە سەلەف بە هەندێك لە براکانی فەرمووە : ئامۆژگاریم مەکە هەتا بەرەوڕوو ئەوەم پێ نەڵێت کە پێم ناخۆشە.

ئەگەر کەسێك براکەی ئاگادار کردەوە لە عەیبەیەك بۆ ئەوەی لێی دوور بکەوێتەوە ئەوە کارێکی باشە بۆ ئەو کەسەی کە ئاگادار کراوەتەوە لە عەیبێك لە عەیبەکانی بۆ ئەوەی عوزری خۆی بهێنێتەوە ئەگەر عوزری هەبوو ، بەڵام ئەگەر بە شێوازی ترساندنی بێت بەو تاوانەی ئەوە ناشیرین وخراپە .

وە واتراوە بە هەندێك لە سەلەف : حەزدەکەیت کەسێك ئاگادارت بکاتەوە لە کەموکورتیەکانت ؟ وتی : ئەگەر بیەوێت سەرزەنشتم بکات نەخێر .

کەواتە هەڕەشە لێکردن وناوزڕاندن بە تاوان خراپە ، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نەهی کردووە ناوی ئەو

کەنیزەکە بزڕێنێت کە زینای کردبوو لەگەڵ ئەوەی فەرمانی کرد بە جەڵدە لێدانی ، جەڵدەی لێدەدرێت وەك پەیڕەوکردنی حەد بەڵام سەرزەنشت ناکرێت بەو تاوانە وهەڕەشەی لێناکرێت .

لە لای الترمذی وجگە لەویش بە مرفوعی هاتوە : ((من عيَّر أخاه بذنب لم يمت حتى يعمله))[(١)] ، واتە : هەرکەس ناوی براکەی بە تاوانێك بزڕێنێت ، نامرێت هەتاوەکو ئەو تاوانە ئەنجام نەدات .

ئەمەش بۆ ئەو تاوانانە وتراوە کە خاوەنەکەی تەوبەی لێکردووە .

الفضيل دەڵێت : (المؤمن يستر وينصح والفاجر يهتك ويُعيِّر) ، واتە : باوەڕدار ئامۆژگاری دەکات ودەیپۆشێت ، وە تاوانبار ئابڕووت دەبات وناوت دەزڕێنێت .

---

(١).قال الألباني رحمه الله في (ضعيف الجامع) رقم ( ٥٧١٠ ):( موضوع ) .

ئەمەی کە الفضيل باسی دەکات لە نیشانەکانی ئامۆژگاری وناوزڕاندنە ، ئەویش ئەوەیە ئامۆژگاری وابەستەیە بە داپۆشینەوە ، وناوزڕاندنیش وابەستەیە بە ئاشکراکردنەوە .

وە وتراوە : هەرکەس فەرمان بە براکەی بکات لە پێش چاوی خەڵك ئەوە سەرزەنشتی کردووە وپیا هەڵشاخاوە ، یان بەم مانایە .

سەلەف فەرمان بە چاکە ونەهی لە خراپەیان بەم شێوەیە پێناخۆش بووە ، وە پێیان خۆشبووە کە بە نهێنی بێت لە نێوان فەرمانکار وفەرمان پێکراو ، چونکە ئەوە لە نیشانەکانی ئامۆژگاری کردنە ، چونکە ئامۆژگاریکار مەبەستی بڵاوکردنەوەی کەموکورتییەکانی ئەو کەسە نییە کە ئامۆژگاری دەکات ، بەڵکو تەنها مەبەستی ئەوەیە لەو خراپە دووری بخاتەوە کە تێی کەوتووە .

بەڵام بڵاوکردنەوە ودەرخستنی کەموکورتییەکان خودا وپێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە ، خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلۡفَٰحِشَةُ فِي ٱلَّذِينَ

ءَامَنُوا۟ ﴿١٩﴾ (النور) ، واتە : ئەوانەی حەزدەکەن تاوان وخراپە لە نێو باوەڕداراندا بڵاوبێتەوە .

وە فەرمووده لە باسی فەزڵی شاردنەوەی کەموکورتیەکان زۆر زۆرە .

وە هەندێك لە زانایان بەو کەسەیان وتووە کە فەرمان بە چاکە دەکات : هەوڵبدە تاوانکارەکان بشاریتەوە ، چونکە دەرکەوتنی کەموکورتیەکانیان لاوازییە بۆ ئیسلام ، ئەوەی کە لە هەموو شت شایانترە بە شاردنەوە : کەموکورتیەکانە .

لەبەر ئەوەیە کە بڵاوکردنەوەی تاوان وخراپە وابەستەیە بە ناوزڕاندنەوە ، کە ئەوەش سیفەتی تاوانبارەکانە ، چونکە کەسی خراپەکار مەبەستی لادانی خراپ ودوورخستنەوەی باوەڕدار نییە لە کەموکورتی وخراپەکان ، بەڵکو تەنها مەبەستی بڵاوکردنەوەی کەموکورتیەکان وئابڕووبردنی برا باوەڕدارەکەیەتی ، لەبەر ئەوە دووبارە کەموکورتییەکان دەڵێتەوە ودەریدەخاتەوە ، مەبەستی شکاندنەوەی براکەیەتی

لە دەرخستنی کەموکورتی وخراپەکانی بۆ خەڵك ، بۆ ئەوەی زیانی پیَ بگەیەنێت لە دونیا .

بەڵام ئامۆژگاریکار مەبەستی لادانی کەموکورتی برا باوەڕدارەکەیەتی ودوورخستنەوەیەتی لەو کارە ، بەوەش خودای پەروەردگار وەسفی پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم کردووە ودەفەرمویێت : ﴿ لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ ١٢٨ ﴾ (التوبة) ، واتە: پێغەمبەرێکتان بۆ هاتووە لە نەفسی خۆتان.

وە وەسفی هاوەڵەکانی کردووە بەوە دەفەرمویێت : ﴿ مُّحَمَّدٞ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡۖ ٢٩ ﴾ (الفتح) ، واتە : محمد صلی الله علیه وسلم پێغەمبەری خودایە وئەوانەشی کە لەگەڵیدان توندن لەسەر بێباوەڕەکان وبەڕەحم وبەزەیین لە نێوان خۆیاندا .

وە خودای پەروەردگار وەسفی باوەڕدارانی کردووە بە ئارامگرتن وئامۆژگاریکردنی یەکتر بە ڕەحمەوە .

بەڵام پاڵنەری کەسی خراپەکار بۆ بڵاوکردنەوەی خراپە وئابڕووبردن وتوندی ودڵڕەقی وحەزی ئازاردان وزیان پێگەیاندنی برا باوەڕ دارەکەیەتی ، ئەمەش سیفەتی شەیتانە کە کوفر ولاڕێی وتاوانکاری بۆ مرۆڤ دەڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی بە ئەنجامدانی ئەو کارە خراپانە بچنە دۆزەخەوە ، وەك خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ ٦ ﴾ (فاطر) ، واتە : بە ڕاستی شەیتان دوژمنتانە بۆیە ئێوەش بە دوژمنی دابنێن .

خوای پەروەردگار دوای ئەوەی باسی چیرۆکی بەسەرهاتی پێغەمبەر ئادەم علیە السلام لەگەڵ شەیتاندا دەکات کە چۆن فێڵی لێکرد هەتا گەیشتە ئەوەی لە بەهەشت دەریبکات دەفەرموێت : ﴿ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ ٢٧ ﴾ (الأعراف) ، واتە : جلوبەرگەکەیانی لەبەر داکەندن بۆ ئەوەی عەیب وعەورەتیان ببینن .

کەواتە زۆر جیاوازە ئەو کەسەی مەبەستی ئامۆژگاریکردنە وئەوەی مەبەستی ڕیسواکردنە ، وە ئەو دوو شتە تێکەڵاو نابێت ئیلا لای کەسانێك نەبێت کە عەقڵیان تەواو نەبێت .

# فەسڵی سزادان

وە سزای ئەو کەسەی خراپەی برا باوەڕدارەکەی بڵاودەکاتەوە ، وشوێن کەموکورتیەکانی دەکەوێت ، وناتەواویەکانی دەردەخات ، ئەوەیە کە خودا شوێن کەموکورتیەکانی دەکەوێت وڕیسوای دەکات ئەگەر لە قوڵایی ماڵەکەیشیدابێت ، وەك چۆن ئەوە ڕیوایەتکراوە لە پێغەمبەری خوداوە صلى الله عليه وسلم لە چەند ڕێگەیەکەوە ، وە ئیمام أحمد وأبوداود والترمذی لە چەندان ڕێگەوە ڕیواتیان کردووە .

وە الترمذی لە فەرموودەی واثلةی کوڕی الأسقع وە لە پێغەمبەری خوداوە صلى الله عليه وسلم ڕیوایەتی کردووە دەفەرموێت : ((لا تظهر الشماتة بأخيك فيعافيه الله ويبتليك))(١) وقال حسن غريب ، واتە : بە بەڵا وگرفتاری براکەت خۆشحاڵ

---

(١) . أخرجه الترمذي (٢٥٠٨) وضعفه الألباني رحمه الله في (الضعيفة) برقم (٥٤٢٦) .

مەبە ، خودای پەروەردگار ئەو دەپارێزێت وتۆ گرفتار وگیرۆدە دەکات .

وە هەروەها ڕیوایەتیکردووە لە فەرمووودەی معاذەوە بە مرفوعی : ((من عير أخاه بذنب لم يمت حتى يعمله))(١) وإسنادە منقطع ، واتە : هەرکەس ناوی براکەی بزڕێنێت بە تاوانێك نامرێت هەتا ئەنجامی نەدات .

والحسن دەڵێت : دەگوترا : هەرکەس ناوی براکەی بزڕێنێت بە تاوانێك کە تەوبەی لێکردووە ، نامرێت هەتا خودا گرفتاری نەکات بەو تاوانە .

وە لە فەرمودەی ئیبن مسعودەوە بە سەنەدێکی لاواز ڕیوایەتکراوە : ((البلاء موكل بالمنطق ، فلو أن رجلا عير رجلا

(١) . قال العلامة الشيخ الألباني رحمه الله في " ضعيف الجامع " برقم ( ٥٧١٠) : ( موضوع ) .

برضاع كلبة لرضعها))(١) ، واتە : بەڵا بەستراوە بە باسكردنەوە ، ئەگەر كەسێك تانە لە كەسێك بدات بەشیرپێدانی سەگێك ئەوە خۆی شیری دەداتێ ، وە ئەم مانایە لە كۆمەڵێك لە سەلەفەوە ڕیوایەتكراوە .

وە كاتێك ئیبن سیرین بووە ژێر قەرزەوە بەو هۆیەوە زیندانیكرا فەرمووی : من دەزانم ئەو تاوانە چییە كە تووشی ئەمەی كردم ، كەسێكم ناوزڕاند پێش چل ساڵ پێم وت : مایەپوچ .

---

(١). قال العلامة الألباني رحمه الله في (ضعيف الجامع) برقم (٢٣٨٠) : ضعيف جداً .

# فەسڵی ناوزڕاندن

وە لە ئاشکراترین جۆرەکانی ناوزڕاندن : دەرخستنی خراپە وبلاوکردنەوەی لە قالبی ئامۆژگاریدا ، وە بانگەشە کردنی ئەوەی پالنەرەکەی دەرخستنی کەموکورتیەکانی بەرامبەرە ، بەشێوەیەکی گشتی یان تایبەت ، وە لە ناخەوە مەبەستی ناوزڕاندن وزیان پێگەیاندنبێت ، ئەوە برای دوو ڕووەکانە کە خودای پەروەردگار زەمیکردوون وبە خراپە باسیکردوون لە چەند شوێنێك لە کتێبەکەی ، خودای پەروەردگار زەمی کەسێکی کردووە کە کردار وگوفتاری جوان پیشان بدات بەلام مەبەستی پێی گەیشتن بێت بە مەبەستێکی خراپ لە ناخەوە ، وە ئەوەی لە سیفەتی دوو ڕووەکان داناوە وەك لە سورەتی تەوبەدا هاتووە کە دوو ڕووەکانی ڕیسوا وسەرشۆڕکردووە بە وەسفە ناشیرین وخراپەکانیان : ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مَسۡجِدٗا ضِرَارٗا وَكُفۡرٗا وَتَفۡرِيقَۢا بَيۡنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَإِرۡصَادٗا لِّمَنۡ حَارَبَ ٱللَّهَ

وَرَسُولَهُۥ مِن قَبۡلُۚ ﴿١٠٧﴾ (التوبة) ، واتە : ئەوانەی مزگەوتێکیان لە تەنیشت مزگەوتەکەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دروستکرد بۆ زیان پێگەیاندنی موسڵمانان وبڵاوکردنەوەی کوفر وناکۆکینانەوە لە نێوان باوەڕداران وئامادەسازی بۆ دژایەتی خودا وپێغەمبەرەکەی لە یارمەتیدانی ئەوانەی پێشتر دژایەتی خودا وپێغەمبەرەکەیان کردووە .

وە دەفەرموێت : ﴿ لَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡرَحُونَ بِمَآ أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحۡمَدُواْ بِمَا لَمۡ يَفۡعَلُواْ ﴿١٨٨﴾ (آل عمران) ، واتە : حیسابی ڕزگاربوو مەکە بۆ ئەو کەسانەی کە دڵخۆشن بەوەی پێیان بەخشراوە لە خراپە وتەیی وکردارییەکان وپێیان خۆشە سوپاس بکرێن لەسەر ئەو کردەوانەی ئەنجامیان نەداوە .

ئەم ئایەتە دەربارەی جوولەکەکان دابەزیوە کاتێك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پرسیاری شتێکی لێکردن شاردیانەوە ودەربارەی شتێکی تر وەڵامیاندایەوە ، وە وایان پیشاندا ئەوە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە لێیانکراوە ، لەبەر ئەوەش

ستایشکران ودڵخۆشبوون بەوەی کە ئەنجامیاندا لە شاردنەوەی ئەوەی پرسیاریان لێکرا .

ئیبن عەباس رضی الله عنهما بەو شێوەیە باسی دەکات وفەرموودەکەی لە هەردوو صحیحەکەدایە .

وە ئەبو سعید الخدری دەڵێت : ((أن رجالاً من المنافقين كانوا إذا خرج رسول الله صلى الله عليه وسلم إلى الغزو تخلَّفوا عنه وفرحوا بمقعدهم خلاف رسول الله صلى الله عليه وسلم فإذا قدِم رسول الله صلى الله عليه وسلم اعتذروا إليه وحلفوا وأحبوا أن يحمدوا بما لم يفعلوا فنزلت هذه الآية)) واتە : کۆمەڵە کەسانێکی دووڕوو کاتێك پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دەربچوایە بۆ غەزایەك خۆیان دوا دەخست وە بەو خۆ دواخستنە لە پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دڵخۆش دەبوون ، ئەگەر بگەڕایەتەوە بیانوویان دەهێنایەوە وسوێندیان دەخوارد ، وە حەزیان دەکرد ستایش بکرێن لەسەر کاروکردەوەیەك کە ئەنجامیان نەدابوو ، ئیدی ئەم ئایەتە دابەزی .

ئەم خەسڵەتانە خەسڵەتی جوولەکە ودووڕووەکانە ، ئەویش ئەوەیە مرۆۋ لە ڕواڵەتدا وتەیەك یان کردەوەیەك پیشانبدات بەو شێوەیەی لەسەری دەرکەوێت کارێکی جوانە ، بەڵام مەبەستی گەیشتنبێت بە مەبەستێکی خراپ ، بەوەش ستایش دەکرێت لەبەر ئەو جوانی وتە وکردارەی کە لێوە دەردەکەوێت ، بەوەش دەگاتە ئامانجە خراپەکەی کە لە ناخیدا حەشاریداوە ، وە دڵخۆش دەبێت بەوەی خەڵك ستایشی دەکەن ئەوە لەکاتێکدا لە دڵیدا شتێك هەیە ، کە لە ناخەوە بەمەرامە خراپەکەی گەیشتووە ، ئیدی بە تەواوی سودمەند دەبێت وە فێڵەکەی سەر دەگرێت بەو خەڵەتاندنە .

هەرکەس ئەمە سیفەتی بێت بێگومان ئایەتەکە دەیگرێتەوە ، هەڕەشەی لێکراوە بە سزای زۆر بە ئازار ، نمونەی ئەوە : مرۆڤێك بیەوێت زەمی کەسێك بکات وبیشکێنێتەوە وکەموکورتییەکانی دەربخات بۆ ئەوەی خەڵکی لێی دووربخاتەوە یان حەزبکات ئەزیەتی بدات یان بۆ دژایەتی کردنی یان لە ترسی ئەوەی کێبڕکێی بکات لە سامان ودەسەڵات

یان شتەکانی تر لە هۆکارە خراپەکان ، بەو ئامانجەشی نەگات بە هۆی تانەدانی نەبێت لەم کەسە بە هۆکارێکی ئاینی ، وەك ئەوەی ڕەددی وتەیەکی لاوازی زانایەکی بە ناوبانگی کردبێتەوە ئەوبێت ئەوە بڵاوبکاتەوە لای ئەو کەسانەی ڕێزی زۆر لەو زانایە دەگرن ، بڵێت فلانە کەس ڕقی لەم زانایە وتانەی لێدەدات وقسەی نەشیاو لە ئاستی دەکات ، بەوەش هەموو ئەو کەسانەی ئەو زانایەیان لا گەورەیە فریو دەدات ، وە گومانی ئەوەیان لا دروست دەکات کە ڕقە وای لەو کەسە کردووە کە ڕەددی فلان زانای داوەتەوە ، بۆیە ئەزیەتکردنی لەو کردارانەیە کە عەرەب پێیهەستاون ، چونکە ئەوە پارێزگارییە لەو زانایە ، ولادانی ئەو ناڕەحەتیەیە لەسەری ، ئەوەش عیبادەتە بۆ خوای پەروەردگار وگوێڕایەڵی کردنیەتی ، بەوەش ئەو کەسەی کە وادەریدەخات ئامۆژگاری دەکات دوو شتی حەرام و ناشیرینی کۆکردووەتەوە:

یەکەمیان : لێکدانەوەی ڕەددانەوەی ئەم زانایە بۆ وتەی زاناکەی تر بە ڕق وتانەدان وهەوا وئارەزوو ، کە لەوانەیە

مەبەستی ئامۆژگاری بووبێت بۆ باوەڕداران ودەرخستنی ئەوەی کە حەلاڵە ونابێت بشاردرێتەوە لە زانست .

دووەم : بە ئاشکرا تانەی لێبدات بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە بگاتە مەرامە خراپەکەی لە قاڵبی ئامۆژگاری وبەرگیری لە زانایانی شەرع ، وە بە هاوشێوەی ئەم فێڵە نەوەکانی مەروان وشوێن کەوتەکانیان ستەمیان دەکرد ومەیلی خەڵکیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا ودڵی خەڵکیان لە علی کوڕی ئەبو تالب وحسن وحسین ونەوەکانیان دەڕەنجاند خوا لە هەموویان ڕازیبێت .

کاتێك عثمان رضی الله عنه کوژرا ئوممەت کەسیان لە علی رضی الله عنه بە شایانتر نەزانی بۆیە بەیعەتیان پێدا ، بەوەش کەسانێك دەستیان کرد بە هاندانی خەڵك بەوەی کوشتنەکەی عثمانیان گەورە دەکردەوە وناشیرینیان دەکرد ، کە لە ڕاستیدا خۆی زۆر گەورە وناشیرینە ، بەڵام ئەوان ئەوەیان بۆ زیاد کردبوو کە علی هاندەری کوشتنەکەیەتی وخۆی هەوڵیداوە بیکوژێت رضی الله عنه کە ئەمە درۆ وبوهتانە .

وە علی رضی الله عنە سوێندی دەخوارد وە جەختی لەو سوێندەی دەکردەوە ونەفی ئەو کارەی دەکرد ، کە ڕاستگۆ بوو لە سوێندەکەی رضی الله عنە ، وە دەست پێشخەرییان کرد لە شەڕ لەگەڵکردنی خۆی ومنداڵەکانی ئەوەشیان وەك پەرستش ولە خودا نزیك بوونە لە قەڵەم دەدا ، وە ئەوانە هەوڵیان دەدا ئەوە بڵاوبکەنەوە ودەریبخەن لەسەر مینبەرەکانەوە لە ڕۆژەکانی هەینی وە جگە لەوەش لە کۆبوونەوە گەورەکان ، هەتا ئەوە لە دڵی شوێنکەوتەکانیان جێگیرببێت کە ئەوەی دەیڵێن ڕاستە ، وە ئەوە بوو بەڕاست کە نەوەکانی مەروان شایانترن بە خەلافەت لە علی ونەوەکانی لەبەر خزمایەتیان بۆ عثمان ، لەبەر ویستی تۆڵەکردنەوەی خوێنەکەی ، بەوەش گەیشتنە ئەوەی دڵی خەڵکیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا ، شەڕی عەلی ونەوەکانیان پێ کردن لە دوای ئەوە ، بەوەش پادشاییان بۆ خۆیان دەستەبەرکرد ،وە پایەی حوکمەی خۆیان چەسپاند .

وە هەندێکیان لە دانشتنی تایبەت بەو کەسانەی کە باوەڕیان پێیان هەبوو دەیگوت : هیچ کەس لە هاوەڵان هاوتا وشایان

نەبوو بە خەلافەت وەك علی لە هاوەڵان دوای عثمان ، پێی دەگوترا : بۆچی جێنوی پێدەڵێن ئیتر ، دەیگوت : دەسەڵات مەیسەر نابێت بەوە نەبێت .

مەبەستی ئەوە بوو ئەگەر لە دڵی خەڵكدا علی ونەوەكانی ناشیرین نەكەین وستەم كردن لە عثمان نەدەینە پاڵیان ، دڵی خەڵكمان بەلادا نەدەشكایەوە ، لەبەر ئەوەی بە سیفەتی جوان وخەسڵەتی گەورە ناسرابوون ، گەر وانەبوایە خەڵك شوێنیان دەكەوتن وبەیعەتیان پێدەدان ، بەوەش دەسەڵاتی ئومەویەكان تیادەچوو ، وخەڵك گوێڕایەڵی نەدەكردن .

# فەسڵی چارەسەر

هەرکەس بەشتێك لەم فێڵە وتەڵەکانە گیرۆدەبوو ، بالە خودا بترسێت وپشتی پێببەسێت وئارام بگرێت ، چونکە پاشە ڕۆژ بۆ تەقواکارانە .

وەك چۆن خودای پەروەردگار دوای ئەوەی بەسەرهاتەکەی یوسف وئەوەی تووشی بوو لە فێڵ وهەڵخەڵەتاندن دەگێڕێتەوە دەفەرموێت : ﴿ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴿٢١﴾ ﴾ (یوسف) ، واتە : بەوشێوەیەی یوسفمان لەسەر زەوی دەستڕۆیشتوو وبالادەستکرد .

وە خودای پەروەردگار لە یوسفەوە دەگێڕێتەوە وبە براکانی فەرمووە : ﴿ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِيۖ قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَآۖ ﴿٩٠﴾ ﴾ (یوسف) ، واتە : من یوسفم ئەمەش براکەمە خودای پەروەردگار منەتی خۆی ڕشتووە بەسەرماندا .

وە خودای پەروەردگار لە بەسەرهاتەکەی موسى عليه السلام وە ئەوەی تووشی بوو لە لایەن قەومەکەیەوە لە ئازاردانی فیرعون وپیلانەکانی بۆمان دەگێڕێتەوە کە بە قەومەکەی فەرمووە :﴿ ٱسۡتَعِينُواْ بِٱللَّهِ وَٱصۡبِرُوٓاْۖ ١٢٨ ﴾(الأعراف) ، واتە : پشت بە خودا ببەستن وئارام بگرن .

وە خودای پەروەردگار هەواڵی ئەوەیداوە کە فێڵ لە دەرئەنجامدا بەسەر خاوەنەکەیدا دەشکێتەوە ، خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ وَلَا يَحِيقُ ٱلۡمَكۡرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهۡلِهِۦۚ ٤٣ ﴾(فاطر) ، واتە : فێڵ وتەڵەکەی خراپ خاوەنەکەی گیرۆدە دەکات وبەسەریدا دەشکێتەوە .

وە دەفەرموێت : ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا فِي كُلِّ قَرۡيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجۡرِمِيهَا لِيَمۡكُرُواْ فِيهَاۖ ١٢٣ ﴾ (الأنعام) ، واتە : وەك چۆن لە شاری مەککە سەرانی تاوانکاری لێبوو ، هەروەها بەو شێوەیە

لە هەموو شارێك سەرانێکی تاوانبارمان داناوە بۆ ئەوەی فێڵ وتەڵەکە بکەن وخەڵکانێك گومڕا بکەن .

واقیش گەواهی ئەوە دەدات ، ئەوەی لە سۆراغی سەرگوزەشتەی خەڵك ومێژووی جیهان قوڵبێتەوە ، هەواڵی ئەوکەسانەی بەرچاو دەکەوێت کە پیلانیان بۆ براکانیان داڕشتووە وخۆیان گیرۆدەی بوون ، ئەوەش بووەتە هۆکاری ڕزگاربوونی وسەلامەتی بۆ ئەوانەی ئارامدەگرن بە شێوازێکی زۆر سەرسوڕهێنەر .

ئەگەر هەندێك لەوانەی ڕوویداوە باسی بکەین کتێبەکە گەورە دەبێتەوە وباسەکەش درێژە دەکێشێت ، خودا ڕێنمونیکارە بۆ ڕاستی ، وە ڕوونکەرەوەی ڕێگەی ڕاستە ، ئەومان بەسە وباشترین پشت پێبەستراوە .

وصلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم تسليما .

| ناوەڕۆك | |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ٤ |
| پێشەکی نوسەر | ١٣ |
| جۆرەکانی ئامۆژگاری | ٣٩ |
| فەسڵی چۆنیەتی ئامۆژگاری کردن | ٤٣ |
| فەسڵی سزادان | ٥٠ |
| فەسڵی ناوزڕاندن | ٥٣ |
| فەسڵی چارەسەر | ٦١ |
| ناوەڕۆك | ٦٤ |